## هـەرێمی كوردسـتانی عێـراق
## سـەرۆكايەتی ئە نجـومەنی وەزيـران

پاڵپشت بە بڕگە (٣)ی مادە (٨) لە ياسای ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ، ئەنجومەنی وەزيران لە دانيشتنی ژمارە (١١)ی رۆژی ٢٠٠٠/١٠/١٥يدا بڕياری دەركردنی ئەم سيستەمەیدا :

# سيستەمی ئە نجـومەنی زانستی لە ديوانی وەزارەتی ئەوقـاف و كاروبـاری ئيسلامی
# سيستەمی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٠

**ماددەی يەكەم :**

ئەنجومەن ئەم كاروبارە تايبەتمەنديانە ئەنجام دەدات :

١. ئەو كارانەی پەيوەستن بـە دامەزرانـدنی زانايـانی ئيـسلامی و خزمەتـەكانيان بـە پێـی ياسـای ژمارە (٦٧)ی ساڵی ١٩٧١ی هەمواركراو .
٢. چەسپاندنی ئەهليەت بۆ پێش نوێژی كردن يان وتار خوێندنەوە يان هەردووكيان .
٣. جێبەجێ كردنی ئەو دەسەڵاتانەی كە پێيان دراوە بە پێی ياساو بڕيارو سيستەمەكانی تايبەت بە ئەوقاف .
٤. تاقی كردنەوەی متەوەليـەكان دوا بـە دوای پاڵاوتنيـان لـە لايـەن دادگـای تايبەتـەوە بـە پێـی ئەحكامی مادە (٢و٣) لە سيستەمی متەوەليەكان ژمارە (٤٦)ی ساڵی ١٩٧٠ .
٥. رێدان بە ئەنجامدانی نوێژی هەينیو جەژنەكان ، لەو شوێنانەی پێويستيان پێيەتی.
٦. سەيركردنی ئەو كاروبارانەی لە لايەن وەزيرەوە دەخرێتە بەردەميان .

**ماددەی دووەم :**

١. ئەنجومەن مانگی جارێك كۆدەبێتەوە ، بۆ سەرۆكی ئەنجومەن هەيە لە كـاتی پێويـستيدا داوای كۆبوونەوەيەكی نائاسايی بكات .
٢. بەسـتنی كۆبوونـەوەكانی ئەنجومـەن بـە ئامـادەبوونی (٢و٣)ی ئەنـدامانی تـەواو دەبێـت و بڕيارەكانيش بە زۆرينەی دەنگ دەبێت .

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێيەم :**

رەخنە لە بڕيارەكانی ئەنجومەن دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و كاروباری ئيسلامی .

**ماددەی چوارەم :**

بۆ وەزيری ئەوقاف و كاروباری ئيسلامی هەيە ئەو رێنماييانـە دەربكـات بـۆ جێبـەجێ كردنـی ئـەم سيستەمە .

**ماددەی پێنجەم :**

لەسەر وەزيری ئەوقاف و كاروباری ئيسلامی پێويستە جێبەجيێ بكات .

**ماددەی شەشەم :**

ئەم سيستەمە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژی بلاْوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقايعی كوردستان .

**سامی عبدالرحمن**
**ج . سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيران**

ئەرشيفی رِۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com